www.kurdistannet.org

# کاڵەک و ئەژنۆ

حەمەسەعید حەسەن

زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی سایتە کوردییەکان بەڕێوە دەبەن، چونکە سەرەواوێکیان لە هەناودا نییە، نە وڕێنە لە نووسین جیا دەکەنەوە، نە جنێو لە ڕەخنە، نە گونی خۆیان لە گێزەر. بەڕێوەبەرانی ئەو سایتانە، لە بێسەوادییانەوە، وەختی خۆیان بە بڵاوکردنەوەی شتگەلێکەوە بە فیڕۆ دەدەن، هەر چییەک بن، نووسین نین و شیاوی سەبەتەی بەرماوەن، نەک پەخشکردن.

ئەوانەی پەیتا پەیتا شت بۆ سایتە کوردییەکان دەنێرن، فریان بەسەر نووسینەوە نییە و هیچیان لە داهاتوویەکی دووریشدا نابن بە کۆلکەنووسەر. ئەوانە کە توانای نووسینی ڕستەیەکی ڕاست و بەسوودیان نییە، کەسانی بێ ئیشی چاو و ڕوو قایمن و هیچی تر. چونکە سایتە کوردییەکان هەر چییەکی ئەوانەیان پێ بگات، دەستبەجێ بۆیان بڵاو دەکەنەوە، چونکە دڵسۆزێک شک نابەن، بەزەیی پێیاندا بێتەوە و پێیان بڵێ، ئێوە خۆتان کردووە بە گاڵتەجاڕ، بەستەزمانانە خۆیان لێ بووە بە نووسەر!

من لە دڵسۆزیمەوە بەو بێئیشانە دەڵێم، خوێنەر گاڵتەی بە ئاوەزتان دێت و ئەگەر تۆزێکیش پێتان سەرسام بێت، ئەوا سەرسامییەکەی زادەی ڕووقایمیتانە، ئەو ڕووقایمییەی لە کاڵفامییەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک بوێری. من جەرگم بۆتان ژان دەکات و هیچ گومانم لەوە نییە، ئەگەر ڕۆژێک عەقڵ بە ڕێکەوت ببێت بە میوانتان، هەست دەکەن، خۆتان کردووە بە قەشمەر نەک بە نووسەر.

2003. 10. 05